# ئیشكالییەتی خوێندنەوە رەخنەییەكانی شیعری (گۆران)

**هێمن عومەر خۆشناو**

**زانكۆی سۆران**

**فاكەڵتیی ئاداب**

**بەشی كوردی**

## پێشەكی

ئەم لێكۆڵینەوەیە هەوڵێكە بۆ خستنەڕووی ئەو گرفتانەی تا ئێستا هاتوونەتە بەردەم رەخنەگران، لە ڕامان و شرۆڤەیان بۆ دەقەكانی (گۆران)* ی شاعیر, بەجۆرێك لەناو ئەو هەموو خوێندنەوانەدا خوێنەر لە پاڵ دروستبوونی یەك واتای واتا (the meaning of meaning) تووشی دەیان واتای واتا لە رووی رەخنەییەوە دەبێتەوە, لەو سۆنگەیەی هەموو خوێندنەوەیەكی رەخنەیی واتایەكی دیكە لای خوێنەر دەسازێنێتەوە. بەتایبەتیش لە چۆنیەتی هەڵسوكەوتكردن لەگەڵ تیۆرە ئەدەبییە باوەكانی سەردەم و چۆنیەتی پراكتیككردنیان لەسەر شیعرەكانی گۆران جۆرێك ئیشكالییەت دەخاتەوە, بەتایبەتی تریش لە مەسەلەی تازەگەری و پێشڕەوبوونی گۆران، كە زۆر لە لێكۆڵەران كەوتوونەتە رای جیاواز لەسەر سەنگرانەوەی گۆران لەناو چوارچێوەی رێبازەكاندا، كە ئەمڕۆ ئەمە بۆ كاری رەخنە گرنگە تیشكی بخرێتە سەرو لەو روانگەوە كاركردنی ئێمە لەسەر ئەو ئیشكالییەتەیەو گرفتەكانی بەردەم تێكەڵكردنی چەمكەكانە لەناو چوارچێوەی لێكۆڵینەوە بۆ سەر شیعری گۆران.

ئەو رێبازەی لەم لێكۆڵینەوەیە بەكارهاتووە، بریتییە لە چوارچێوەی (رەخنەی رەخنە) و تێیدا هەردوو بنەمای شیكردنەوەو بەراورد بە هەند وەرگیراوە، چونكە بنەمای سەرەكی كارەكە، زیاتر كاركردنە لەسەر بەرهەمە رەخنەییەكان، نەوەك دەقە ئەدەبییەكە. باسەكە دابەشی سەر دوو تەوەر كراوە، لە تەوەرەی یەكەمدا كە لە ژێر ناوی گۆران و رەخنەی كوردییە، تێیدا باس لە ئیشكالییەتی مەسەلەی نوێكردنەوەی شیعر كراوەو ئەم ئیشكالییەتەش لە نێوان گۆران و نالی دا لە هەمبەر پرسی نوێكردنەوەی شیعردا شیكراوەتەوە. هەرچی تەوەری دووەمە بۆ ئیشكالییەتی رێبازە ئەدەبییەكان تەرخان كراوە، تێیدا هەموو ئەو بۆچوونە رەخنەییانە شەن و كەو كراون كە لە هەمبەر شیعرەكانی گۆراندا بۆ مەسەلەی رێبازە ئەدەبییەكان ئیشكالییەتیان خستۆتەوە. لە كۆتاییشدا بە چەند خاڵێك گرنگترین ئیشكالییەتە رەخنەییەكانی سەر شیعری گۆران لە چوارچێوەی ئەم باسەدا لە ئەنجامدا خۆیان بەرجەستەكردووە.

---

* گۆران، ناوی عەبدوڵڵا بەگ كوڕی سلێمان بەگی كوڕی عەبدوڵڵا بەگی كاتب فارسییە، لەساڵی ١٩٠٤ز لە هەڵەبجە لە دایك بووە، باوك و باپیری هەردووكیان بەهرەی شیعریان هەبووەو بە كوردی و فارسی نوسیویانە. لە بن دەستی باوكیدا، قورئان و سەرەتای خوێندن فێربووە، لە قوتابخانەی سەرەتاییش لە هەڵەبجە خوێندویەتی، كە ئەوسا قوتابخانەكە لە بن دەسەڵاتی عوسمانییەكان بوو و خوێندن بە زمانی توركی بوو، لە ساڵی ١٩٢٥ بە مامۆستا دادەمەزرێ، لە قۆناغەكانی برەودان بە بواری رۆژنامەگەری كوردیدا رۆڵێكی بەرچاوی هەبووەو بە یەكێك لە شاعیرە دیارەكانی كورد دادەنرێ و لە سەرەتای شەستەكانی سەدەی رابردوو دەبێتە وانەبێژ لە بەشی كوردی كولێژی ئادابی زانكۆی بەغدا. دوای تووشبوون بە نەخۆشی شێرپەنجەی گەدە، لە ١٨-١١-١٩٦٢ لە سلێمانی كۆچی دوایی دەكات و لە گۆرستانی سەیوان دەنێژرێ. بڕوانە (دیوانی گۆران، عەبدوڵڵا گۆران، بلاوكراوەی پانیز، چ٣، تهران، ١٣٨٦)

## تەوەرەی یەکەم:

## گۆران و رەخنەی کوردی (ئیشکالییەت لە مەسەلەی نوێکردنەوەدا)

### *ئیشکالییەت بۆ؟*

قسەکردن لەسەر شاعیرێك و دەستپێکردنی ناوونیشانەکە بە وشەی ئیشکالییەت, رەنگە لای زۆر کەس مایەی تێڕامان بێت, بەلاّم (خودی ئەم زاراوەیە ئیشکالییەت problematiqueبەم دواییانە وەك زاراوەیەکی فیکری و فەلسەفی هاتە ئاراوە و لویس ئەلتۆسێر Louis Althusser (١٩١٨-١٩٩١) لە جاك مارتن —ی وەرگرت کە بە واتای کۆمەڵێك بیروڕا کە جیاوازیان لە نێواندا هەبێت و لێکۆڵەریش وەك کێشەیەکی سەربەخۆ تەماشایان دەکات، کە لە خودی خۆیدا یەکەیەکی فیکری و تیۆرێکی سەقامگیرە، زۆر واتایشی لێ هەڵێنجراون, بەلاّم گرنگترینیان زانستی خستنەڕووی مەسەلەکانە)[1]. هەموو ئەو مەسەلانەی کە مێژوو لە رێرەوی خۆیدا خستوونیەتە روو و ئەمڕۆ پێویستی بە چاوپێداخشاندنەوەو هەڵوەستە لەسەرکردنە, چونکە جۆرێك لە ناتەبایی لەنێوان بیروڕاکاندا هەیە و پێویستە لەگەڵ پێشکەوتنی رەخنەدا ئەمیش بخرێتە بەر توێژینەوەی تایبەت و بە دەنگ و رەنگی ئەمڕۆ هەڵسەنگاندنێکی تازەی بۆ بکرێ. لەم روانگەوەش هەست بەوە دەکرێ بە درێژایی ئەو مێژووەی گۆران-ی شاعیری تێدابووەو و بە درێژایی ئەو ماوەیەی، کە رەخنەگران قسەیان لەسەرکردووە، خوێنەر تووشی جۆرێك لە ئالۆزی تێگەیشتن دەبێت، کە هەمووشیان لە ئەنجامی خستنەڕووی بیروڕا بووە لەسەر گۆران و بەرهەمەکانی لە رێگای راڤەو تەئویلی جیا جیا بۆ شیعرەکانی, بۆیە ئەمە هەر تەنیا خستنەڕووی بیروڕا جیاوازەکان نییە، چونکە زۆر جار جیاوازی لە روانین، جوانیی بەرهەم دێنێت و رەخنە گەش دەکاتەوە, بەلاّم مەودای جیاوازییەکان بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمە شیعرییەکە دەخاتە روو, کە بۆ هەندێ مەسەلەی گرنگ جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنن، کە خودی شاعیرەکە بەم مەسەلانەوە بوونی خۆی بەرجەستە کردووە.

### گۆران و رەخنەی کوردی

ئەگەر بێت و بە مێژووی رەخنەی کوردیدا شۆڕبینەوەو هەنگاو و پلەکانی دەستنیشان بکەین, ئەوا گۆران چ وەك شاعیر لە تێڕوانین و بیروبۆچونەکانی و چ سەرجەمی شیعرەکانی زۆرترین رووبەریان لە رەخنەی کوردی داگیرکردووە، بەتایبەتی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا, چونکە هەڵکەوتەی سەردەمی گۆران وا بووە, کە زۆرترین گۆڕانکاری لە ئەدەبیات بەرپابووەو بەتایبەتیش شیعرو زۆرترینیشیان قەڵەمڕەوییەکەی بۆ گۆران دەگەڕێننەوە.

لێرەدا ئێمە ئەگەر بە پرۆسەی (رەخنەی رەخنە)دا بڕۆین و پێمان وا بێت، کە هەموو ئەو کارانەی لەسەر گۆران کراون دەبێ هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت و بەر نەشتەری (رەخنەی رەخنە) بکەون, ئەوا دەرفەتێکی زۆری گەرەکە و لەم لێکۆڵینەوەیە بواری ئەو باسە نییە, بەلاّم ئەوەی قسەی زۆر هەڵدەگرێ بریتییە لە جۆراوجۆرییەتی کردەی رەخنە لە سەر شیعری گۆران, ئەم فرە هەوڵدان و راڤەکردنەش دەکرێ لەم روانگانەوە سەیر بکرێن:

[1] اشكالية المصطلح في الخطاب النقدي العربي الجديد، د.يوسف وغليسي، الدار العربية للعلوم وناشرون، الجزائر، ط١، ٢٠٠٨، ص ٤٩-٥٠

**یەکەم:** شیعرەکانی گۆران لە سەرەتاوە تا مردنی شاعیر، شێوازی جیا جیان و بە تێپەڕبوونی کات گۆڕان بەسەر شێوازی نووسینی (گۆران)ی شاعیردا هاتووە، ئەمە یەکێك لەو گرفتانەیە، کە ڕەخنەگر لە خوێندنەوەی دیوانی گۆران ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بە پێچەوانەی شاعیرانی کلاسیك یان کۆنی کوردی، وەك نالی و سالم و مەحوی و جزیری، کە ئەگەر سەرتاپای یەك شێوازیش نەبێت ئەوا لە چوارچێوەیەکی گشتیدا دەرناچێت.

**دووەم:** وەرنەگرتنی هەموو دیوانەکە بۆ لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی، نابێتە پێوەرێك بۆ کارکردن لەسەر چەمکێکی ڕەخنەیی پڕ بە پێستی خۆی، چونکە بە گوێرەی بنەما ڕەخنەییەکان شێوازی شیعرێك یان دوان لە ڕووی ناوەڕۆکەوە نابێتە پێوەر بۆ حوکمدان لەسەر پەیڕەوکردنی شاعیر لەسەر ئەم شێوازەو یان ناساندنی بە شاعیری شێوازەکە.

**سێیەم:** ئەم هەڵبەزو دابەزەی گۆران لە نووسینی شیعرداو گۆڕینی شێوازی شیعری لای ئەو، جا بە گوێرەی گۆرانکارییە ئەدەبیی و سیاسییەکانی ناوچەکە بێت، یان بیرو هزری خۆی بۆ ئەدەبیات بێت، ڕەخنەگر وا لێدەکەن زۆرترین قسەی بۆ شیعرەکان هەبێت و نەتوانێ گۆران بە شاعیرێکی سەقامگیر و ناسراو بە ستایلێکی تایبەت بناسێنی.

**چوارەم:** گۆران لە سەردەمی نالی و شاعیرە کلاسیکییەکان نییە تا دەستخستنی زانیاری لەسەر ژیانی تایبەتی گۆران ئەستەم بێت، کەچی تا ئێستایش زۆربەی هەوڵدان بۆ دەستخستن و نووسینەوەی ژیانی گۆران، نەبۆتە کەرەستەیەك بۆ شیکردنەوەی دەقەکان، بەو پێیەی شیکردنەوەی دەق لە ڕێگای زانینی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ...تد ڕەخنە دەوڵەمەندتر دەکەن و دەشێ بەشێك لە شیعرەکان بەم هۆیەوە هۆکاری نووسینیان ئاشکرا بێت.

## گۆران و مەسەلەی نوێکردنەوەی شیعر

ئەگەر پێشتر دەقی ئەدەبی بە کۆت و بەندی کۆمەڵێك یاساو ڕێسا قاوغ درابوو، ئەوا دوای پێشکەوتنەکان لە سەرتاسەری جیهانداو دەرکەوتنی بیروڕای نوێکردنەوە لە ڕۆژئاواو دواتریش ڕۆژهەڵات، هێدی هێدی دەرگا لەبەردەم گۆرانکاری لەناو ئەدەبیاتدا کراوەو هەموو هەوڵەکان لە شوێن و کاتی خۆیاندا بە شۆڕشی ئەدەبیات ناسێنران، هەر بۆیە ڕوانینی جیا جیا سەریان هەڵداو دواتر هەندێکیان وەك تیۆر ناسێنران، یەکێکی وەك کرۆچە croce (١٨٦٦-١٩٥٢) پێی وایە (ئەدەب وەك هەر هونەرێکی تر سووسەکردن (حدس)ەو سووسەکردنیش سۆزێکی پوختەو دەربڕینێکی تایبەتە ئەم دووانەش پێویست ناکات لق و پۆپی تری لێ ببنەوە)[٢] ئەمەش بۆ ئەوەمان دەبات کە گۆڕانکارییەکان لەناو ئەدەبیاتدا ئەگەر بشکرێن لە نوێوە سەرهەڵدەدەن نەوەك دەستکاری کردن بێت، هەرچی موریس بلانشۆ Blanchot ـە (بانگەشەی ئازادکردنی ئەدەبی کرد لە هەموو یاساو ڕێسایەك)[٣] ، لەناو ئەم مشت و مڕانەدا ئەدەبی کوردیش کەوتە ناو ئەم مەسەلەیەو هەوڵی نوێکردنەوەی دا، ئەوەیشی کە بۆتە گرفت لەبەردەم ڕەخنەی کوردیدا، ئەوەیە، زۆرجاران ئەوەی سەردەمانی زوو گوترا لەبارەی

---

[٢] في نظرية الادب وعلم النص،(بحوث وقراءات) ابراهيم خليل، الدار العربية للعلوم ناشرون، منشورات الاختلاف، الجزائر، الطبعة الاولى، ٢٠١٠ص٢٥

[٣] سەرچاوەی پێشوو، لا٢٥

نوێکردنەوە هەر ئەمە دەگوترێتەوە بێ ئەوەی (ڕەخنەی ڕەخنە) کاری جیددی خۆی بکات و هەڵسەنگاندن بۆ ئەم گوتنانە بکات، کە بوونەتە بناغەیەکی گرنگی ڕەخنەی کوردی.

هەرچی سەبارەت بە گۆران و ڕۆڵی لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدایە، ئەمیش بە شێوەی زانستانە ڕەخنەی ڕەخنە ئاوری لێ نەداوەتەوەو هەموو ئەو رایەڵانە لێك جیانەکراونەتەوە، کە لە کوێ هەنگاوەکانی گۆران دیاردەکات و جیای دەکاتەوە لە هەوڵی شاعیرانی هاوسەردەمی خۆی و مەوداو سنووری ئەم نوێکردنەوەیە تا کوێ بڕ دەکات و کاریگەرییەکانی هەتا کەی دەمێننەوە؟ لێرەدا دەکرێ گرفتەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دەستنیشان بکەین تا پێگەی تایبەتی گۆران لەم نێوەندەدا بخرێتە ڕوو:

## ١- نوێکردنەوە لە نێوان گۆران و نالی دا

یەکێك لەو ئیشکالییەتانەی کە دێتە بەردەم خوێندنەوەی ڕەخنەییانەی شیعری گۆران مەسەلەی نوێکردنەوەیە، نوێکردنەوەکەیش بەراوردکردنە بە نوێکردنەوەو تازەگەرییەکی تر، کە پێش ئەو لەناو ئەدەبی کوردیدا ڕوویداوە, ئەویش تازەگەرییەکانی نالی لە شیعردا, ناکرێ هەر وا بە ئاسانی بگوترێت نالی لە سەردەمی خۆیدا شیعری تازەکردۆتەوە و گۆران-یش لە سەردەمی خۆیدا و هەردووکیش بە پێشڕەوی نوێکردنەوە دابنرێن, چونکە تا ئێستا بنەماکانی تازەگەری لەلای هەردوو شاعیر جیاوازن, بە جۆرێك:

أ- قەبارەی نوێکردنەوەی هەردووکیان وەك و یەك نییە.
ب- هەردووکیان لەیەك سەردەم نەژیاون.
پ- ڕەخنەیش نابێت هەردووکیان بە پێشەنگ دابنێت, چونکە لە نێوانی هەردووکیان دا شێوازێکی تری دەقی شیعری هەبووە، کە لە هیچ کامیان نەچووە, وەك شیعرەکانی (حاجی).
ت- گۆڕانی کێش و سەرواو ناوەڕۆك بە تەنیا پێوەری نوێخوازی نین و لە نێوان هەردوو شاعیردا هەوڵی گۆڕین هەبووە, بەلام نێوانەکە ڕەگ و ڕیشەکەی نەگۆڕیوە, ڕەخنەیش نەك بە نوێخوازی لە قەڵەم نادات بەڵکو ناسنامەی میللی بوونی دەخاتە پاڵ, کە خودی هێنانەوەی ئەم زاراوەیە لە بناغەدا بە دروستی بەکارنەهاتووەو ئەمیش بۆ خۆی ئیشکالییەتی خۆی هەیەو لەسەر چەند کۆڵەگەیەك پەیوەست کراوە، کە ناکرێ بە تەنیا بەم کۆڵەگانە ناسنامەکە ببەخشرێ و بسەندرێتەوە.

## ٢- نالی و گۆران لە نێوان شاعیری و تیۆریست بوون دا

مەسەلەی نوێکردنەوەی شیعر وەك ئیشکالییەتێك لەنێوان ئەم دوو شاعیرەدا, بێگومان مەوداو کێڵگەی جیاواز بە خۆیان هەیە, ناکرێ ڕوانینی هەردووکیان بۆ مەسەلەی تازەکردنەوە، یان نوێخوازی، یان گۆڕانکاری لە ئەدەبدا وەك یەك حسێب بکرێن, چونکە ئەگەر ئێمە ئەدەب بەو شێوەیە دابەش بکەین، کە دەبێتە بەشی دەقی ئەدەبی (داهێنان) و بەشی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی, هی دووەمیشیان سێ لقی لێ ببێتەوە کە لقەکانی تیۆری ئەدەب و مێژووی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبین, ئەوا هەردوو شاعیرەکە بەرهەمی داهێنانیان نووسیوەو بە دەقنووس دادەنرێن, جا گۆڕانکارییان کردبێت یان نا, ئەگەر مەسەلەکە بەو ئاقارە ببەین، کە لەناو لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا کاری تیۆری ئەدەبی بریتی بێت لە دانانی یاساو ڕێسا بۆ نووسینی دەقی ئەدەبی و پێکهاتەکەی دەستنیشان بکات و بە ئەرکی خۆی دابنێت, ئەوا لەو سۆنگەیەوەش سەرەتاکانی سەرهەڵدانی تیۆری ئەدەبی لە جیهاندا بۆ

ئەرستۆ و کتێبەکەی ببەینەوە، کە لەسەر داستانی (ئەلیادەو ئۆدێسای هۆمیرۆس) داینابوو, ئەوا ئۆدێسا بە دەقنووس و ئەرستۆیش بە تیۆردانەری ئەدەبی دادەنرێت, (نالی)یش لەو نێوەندەدا ئەرکی تەنیا نووسینی دەق بووە جا هەر گۆڕانکارییەکی کردبێت, بەلاٌم (گۆران) جگە لەوەی کەوا دەقی نووسیوە, بەلاٌم پێکهاتەی نوسینی دەقەکەیشی بە یاسا داڕشتووە, واتە تێگەیشتنی خۆی بۆ ئەم شێوازە لە کۆنی و تازەیی لە شیعردا خستۆتە ڕوو. کە دەکرێ بلێین ئەگەر لاساییکردنەوەی ڕەخنەی دەوروبەریش بووبێت وەك شاعیرێك لەخۆوە گۆرانی دروست نەکردووە, بەڵکو لەنێوان شیعری کۆن و نوێشدا لێدوانی هەبووە, ئەم لێدوانانە دەخرێنە ناو چوارچێوەی تیۆری ئەدەبییەوە. بۆ نموونە وتارەکەی بەناوی (کۆن و تازەیی لە هەڵبەستا) [٤] ئەگەرچی وتارەکەی گۆران زۆر دوای بەرهەمە سەرەتاییەکانیەتی کە گۆڕانکاری دروست کرد, پێدەچی دوای ئەم ئەزموونەوە گەیشتبێتە ئەم بیروڕایانە, بەلاٌم گرنگییەکەی لەوەدایە ئەگەر هەر تەنیا باسی لە شیعری نوێ کردباو قالب و پێکهاتەکانی راڤە کردبا, ئەوا دەبوو بە تیۆرێك بۆ شیعری نوێ, بەلاٌم چونکە باسی لە شیعری کۆنیش کردووەو هەردووکیانی هەڵسەنگاندووە, ئەوا لە بیروڕای تیۆرەوە دەردەچێت و بەرەو چوارچێوەی ڕەخنە هەنگاو دەهاوێژێت، کەواتە: گۆران لە یەك کاتدا شاعیرو تیۆردانەرو ڕەخنەگر بووە, کەچی نالی هەر تەنیا شاعیر بووەو بەرهەمی ڕەخنەیی و تیۆری لەپاش بەجێ نەماوەو ئەو بیروڕایانەی کە نالی و حاجی و خانی بە ڕەخنەگر دادەنێن، تەنیا زیاتر بۆ خستنە پێشەوەی مێژووی ڕەخنەی کوردییە, ئەگەرنا بیروڕای قووڵ زۆر جیاوازە لەگەڵ دێرە شیعرێکی:

**کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆکوردییە خۆ کردیە**

**هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا** [٥]

لەلایەکی ترەوە (نالی) شێوازێکی تازەی پەیڕەو کرد، کە لە زاری کوردیی ناوەڕاست دا شیعر بەم جۆرە عەرووزییەو بەم تەرزە نوسینە نەدەنوسرا پێشتر و ئەم بووە سەرقافڵە, ئەگەرچی (جزیری) و قوتابخانەی کرمانجی ژوورو پێشتر بەکاریان هێناوەو (نالی) تەنیا زاتی ئەوەی کردووە بە ناوەراست (سۆرانی) بینوسێ, پاشان (نالی) بە تەنیا ئەم کارەی کردووە, بەلاٌم روون نییە تا ئێستایش (گۆران) بە تەنیا سەرقافڵە بووبێت، چونکە ناوی (پیرەمێردو شێخ نوری و ڕەشید نەجیب)یش هاوتای ئەو دێن. لەبەرئەوە چۆنیەتی ڕەفتارکردن لەگەڵ نالی بۆ مەسەلەی تازەکردنەوە جیاوازە وەك لە ڕەفتارکردن لەگەڵ گۆران.

## ئیشکالییەتی وشەی نوێخوازی لەنێوان نالی و گۆران دا

ئەگەر (نالی) بۆ سەردەمی خۆی تازەگەری ئەنجام دابێت, ئەوا نالی نوێخوازی سەردەمی خۆی بووە, بە هاتنی (گۆران) نوێخوازییەکەی نالی نامێنێ و بەرگەکە دەخرێتە سەر شانی (گۆران)، لێرەوە چونکە کردەی ڕەخنە لە ئەدەبی کوردیدا لەدوای (گۆران)ەوە هاتیتە نوسین، بۆیە بە پێ و دانی ئەوە وشەکەی بەکارهێناوە، کە نوێخوازی تەنیا لای گۆرانەو بناغەی (نالی)ی پشتگوێ دەخرێ, لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمەنی (گۆران)یشدا هێشتا وشەی تازەکردنەوە، نوێخوازی، مۆدێرنە، هاوچەرخ بوون، هەر بەبەر شیعری گۆران ماوەتەوەو هەموو ئەو تازەگەرییانەی دوای گۆران لە حەفتاو هەشتاو نەوەت و دووهەزارەکانیش دا نەیانتوانیوە وشەی (نوێخوازی) و

---

[٤] گۆران، نوسین و پەخشان و وەرگێڕاوەکانی، ئومێد ئاشنا، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢، لا ٢٧-٣٢

[٥] دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتح عبدالكريم، چاپی دوهەم، انتشارات کردستان، سنە، ١٣٨٣ هەتاوی، لا١٠٧

سەرەتاکانی تازەگەری لە شیعر لە (گۆران) بستێننەوە, کە ئەمە دەبوایە قۆناغبەندی بۆ کراباو زاراوەکە لەسەر شاعیرێك بە تەنیا تاپۆ نەکرابا.

### تەوەرەی دووەم:

### ئیشکالییەت لە چوارچێوەی رێبازە ئەدەبییەکاندا

### گۆران و رێبازە ئەدەبییەکان

ئەوەی ئیشکالییەتی هەرە گەورەی لە بەرهەمەکانی گۆران لەلایەن رەخنەگرانەوە دروست کردووە, بریتییە لە بەبەردابڕینی هەموو تیۆرەکان لە چوارچێوەی رێبازی ئەدەبییەوە, چونکە هەردوو چەمکی تیۆری ئەدەبی و رێبازی ئەدەبی پەیوەندییان پێکەوە هەیەو پێکەوە لە چوارچێوەیەکدا کاردەکەنە سەر بەرهەمی ئەدەبی, لەو سۆنگەیەی دەتوانین بڵێین هەموو رێبازێکی ئەدەبی تیۆری ئەدەبە، بەڵام هەموو تیۆرێکی ئەدەبی مەرج نییە ببێتە رێبازی ئەدەب, لێرەشدا کردەی رەخنەی کوردی زۆربەی هەرە زۆری رێبازەکانی ئەدەبی بە (گۆران) تاقی کردۆتەوەو هەر یەکەیان بەشی خۆیان لێ وەرگرتوەو قالبی رێبازەکەیان بەبەردا بڕیوە.

ئەوەی کەوا بۆتە ئاستەنگو گرفت لەبەردەم کامڵ بوونی رەخنەی کوردی، کە لە هەر لایەکەوە لێی بڕوانی رووبەڕووی ئەم دیاردەیە دەبێتەوەو بە شێوەیەکی گشتیش تاکی لێکۆڵەری کوردی بەوەوە بەرجەستە کردووە، بریتییە لە بەبەردابڕینی تیۆرە بێگانەکان بەسەر کەرەستەکانی دەقی کوردی، ئەم بەبەردابڕینە هەموو جارێ بە کارێکی سەلبی هەژمار ناکرێ، چونکە ئەدەبی کوردی لەهەموو روویەکەوە خاوەنی تیۆرێکی سەربەخۆ نییەو کاریگەری تیۆرە بێگانەکانی بەسەرەوە دیارە، بەڵام لە شوێنێکدا ئەگەر پێویستی بە تیۆرێکی وەها نەبوو، یان تیۆرەکە شیاو نەبوو، بە واتا کاڵایەك نەبوو بە قەد باڵای، ئەو کاتە فەرامۆشکردنی لە گرنگی پێدانی باشترە.

یەکێك لەو بابەتانە مەسەلەی رێبازە ئەدەبییەکانە، کە بێگومان دانانی خودی رێبازەکان (بە ناوو ناوەڕۆکەوە) دەستکردی کوردی نین، بۆیە ناڵێین خۆیان لێ دابڕین، بەڵام تا بە پێی پێویست سوودیان لێ وەربگیرێ، سەقامگیریو لەسەر پێ وەستانی دەقی کوردیو رەخنەکەی دەسەلمێنێ. لەو سۆنگەیەوە دەبێ رەچاوی واقیعی کاتو شوێنەکە بکرێو راستەوخۆ کۆپیکردنی شتەکان نەبێ، بۆ نموونە هەموو ئەو جۆرە ریالیزمانەی کە تیۆرناسان باسی دەکەن، دەشێ لە ئەدەبی نەتەوەکانی تر هەموو ئەو جۆرانە نەبنو تەنیا هەندێکیان هەبن، ئەم رایە سەردەکێشێ بۆ ئەوەی کە پێمان وا بێ ریالیزمی ئەدەبێك کتو مت وەك ریالیزمە سەرەکییەکە نییە، واتە هەناسەی ئەدەبەکەو شێوازی نووسینەکەو بارودۆخی ژینگەییو کۆمەڵایەتیو سیاسیو دەروونی خودی نووسەرەکەش بڕیاری شێوەو بونیادی ریالیزمەکە دەدەن، لە لایەکی تر مەسەلەی (ناونان) کێشەیەکی دیکە لە بەردەم لێکۆڵەری کورد دروست دەکات، رەنگە ئەوەی پێی دەگوترێ ریالیزمی سۆسیالیستی، رێگری لەبەردەم ریالیزمی کۆمەڵایەتی بکا، واتە ناوی سۆسیالیستی داپۆشەری ناوە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکەشە، بۆیەشە لەنێو تیۆری رێبازەکانی ئەدەبدا کە باس لە ریالیزمی سۆسیالیستی دەکرێ، هەردوو ریالیزمی سیاسیو کۆمەڵایەتی لە نێویدا نزیکی توانەوە دەبن، چونکە زاراوەکە هەمەلایەنترەو تاكو تەراو لێرەو لەوێ باس لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانو رەنگدانەوەی باری سیاسی لەو نێوەندەدا دەکرێ.

ئەگەر ئێمە بۆ بنجو بنەوانی دەستەواژەی (ریالیزمی سۆسیالیستی) بگەڕێینەوە، ئەو کاتە بۆمان روون دەبێتەوە، کە ئەم جۆرەی ریالیزم هەردوو باری سیاسیو کۆمەڵایەتی دادەپۆشێ، بە تایبەتی باری دووەمیان،

چونکە (یەکەمین دەستەی سۆسیالیست ئەو کەسانە بوون کە باوەڕیان بە سیستەمی کۆمەڵایەتی هەبوو) [٦] و هەروەك سۆسیالیزم (بیرێکی کۆمەڵایەتی یە) [٧] و (یەکەمین قۆناغی سەردەمێکی کۆمەڵایەتی _ ئابووری، کۆمەڵگایە کە بە پێی یاسا ماددی یەکان گەشە کردنی کۆمەڵ لە جێگای سیستەمی سەرمایەداری جێگیر ئەکات).[٨] بەم جۆرە دەبینین سیستەمی سۆسیالیستی بە بێ رەچاوکردنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی نایەتە کایەوە، یان بە دەربڕینێکی تر ئەوە کێشە کۆمەڵایەتی‌و دیاردەکانی نێو کۆمەڵگان، بوونەتە هەوێنی سەرهەڵدانی ریالیزمی سۆشیالیستی. کەواتە لەو شوێنە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ ریالیزمی سۆسیالیستی یەکدەگرنەوە، کە خزمەت بە بنەماو پرەنسیپەکانی رێبازی سۆسیالیزم بکا، بەدەر لەم چوارچێوەیە لە روانگەی ئەدەبیاتی سۆڤیەتەوە بە هونەرێکی ریالیزمی دانانرێ، بە تایبەتیش ئەگەر هەموو چەقەکان نەگەڕانەوە سەر بیری کۆمۆنیزم‌و مارکسیزم.

دەشێ ئەم تێکەڵییەی جۆرەکانی ریالیزم بەوەش پشت راست بکەینەوە، کە زۆربەی نووسەران بەتایبەتیش نووسەرانی سۆڤیەت، نەك هەر پەیڕەوی یەك رێبازی سەرەکییان نەکردووە، بەڵکو ئەگەر لە یەك رێبازیش خولابوونەوە، ئەوا لە تاکە بەرهەمێك دا ئەم تێکەڵییەی جۆرەکانی ریالیزمی بە نموونە تێدا دەسەنگرێتەوە.

بۆ وێنە رۆمانی (دایك)ی (مەکسیم گۆرکی) دەشێ لە یەك کاتدا ریالیزمی رەخنەیی‌و هەروەها ریالیزمی کۆمەڵایەتی بێ، چونکە لەم دەقەدا هەردووکیان بە جیا جیاو تێکەڵی دەبینرێن، هەر لەبەر ئەمەشە پێویستە لە بەرهەمهێنان‌و رەنگدانەوەی جۆرە ریالیزمییەکان رەچاوی ژیانی نووسەرەکە بکرێ. بۆ نموونە نووسەرێکی وەك (گۆرکی) بە ژیانە خێر لەخۆ نەدیوەکەی هەرەتی هەرزەکاری ئاوێتەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەبێ‌و رەنگدانەوەی ژیانی خۆی لە رۆمانەکانی بەرجەستە دەکات، بەتایبەتی (لە رێگەی رۆمانێن گەورەی وەکو (ناماگاردیف)و (دایك) بناغەی قۆناغێکی ریالیزمی دامەزراند کە پێی دەگوترێت (ریالیزمی رەخنەیی)) [٩] بۆیە گۆرکی دوای قووڵبوونەوەی لەگەڵ دەردە کۆمەڵایەتییەکان‌و ئاراستەکردنی رەخنە بۆ بکەرانی، چەندین ساڵ دوای شۆڕش ئاراستەکانی ریالیزم شێوەی تر وەردەگرن‌و (لەگەڵ ئەمەشدا ئەدەبیاتی قۆناغی دواتر، واتە "ریالیزمی کۆمەڵایەتی" ش لەسەر دەستی گۆرکی داڕێژرا) [١٠] بۆیە سەرنج دەدەین (کار) وەك وەسیلەیەك بۆ ژیان‌و بەختەوەری لەلایەك لە بنەماکانی بزووتنەوەی سۆسیالیزمە کە کار بۆ کرێکار بگەڕێتەوەو بەرهەمەکەشی لە چنگ خۆی بێ، نەك لە مست سەرمایەدار، لە لایەکی تریش لەنێو ریالیزمی کۆمەڵایەتیدا (کار) یەکەمین‌و سەرەتاکانی ئاراستەکانی رێبازەکە بوو. لەم سۆنگەیەوە دەشێ ئەم ئاوێتە بوونی جۆرەکانی ریالیزم بە پێی کەرەستەکان گۆڕانی بەسەردا بێ، بۆ نموونە دەگونجێ شیعرێك یان چیرۆك یان هەر دەقێکی ئەدەبی لە بابەتی کارکردن، یان هەوڵێکی پیشەسازی‌و بەرهەمهێنان لە چوارچێوەی ریالیزمی سۆسیالیستی دا بچێتە نێو ریالیزمی کۆمەڵایەتی‌و بەس، هەروەك دەشێ لە هەمان شیعردا لایەنی رەخنەیی لەگەڵ تێکەڵ بکرێ‌و هەردوو جۆری رەخنەیی‌و کۆمەڵایەتی پێکەوە بسازێن، بە هەمان شێوەش ئەگەر رەخنەکان رەخنەی

---

[٦] زاراوەی نوێ یان فەرهەنگی نوێ، برهان قانع، چاپخانەی الحوادث، بغداد، چ١، ١٩٨٤، لا ١٠٧

[٧] زاراوەی سیاسی، فازڵ قەرەداغی، لا ٤

[٨] زاراوەی نوێ یان فەرهەنگی نوێ، لا ١٠٣

[٩] قوتابخانە ئەدەبییەکان، رەزا سەید حسێنی، و: حەمە کەریم عارف، چ١، ٢٠٠٦، لا ١١٢

[١٠] سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو

سیاسی بن، ئەو حەلە واقیعی سیاسیو کۆمەڵایەتی پێکەوە تێکەڵ دەکرێن، بە تایبەتیش لە واقیعێکی وەك واقیعی رۆژهەڵات بە گشتیو کوردستان بەتایبەتی زۆر جار دیاردەی کۆمەڵایەتیو سیاسی پێکەوە بە یەك ئاراستە دەڕۆن.

لەو روانگەیەوەش ئەدەب رەنگدانەوەی واقیعە، بۆیە ئەو واقیعە سیاسیو کۆمەڵایەتییە دواجار رەخنەگرتن لێی لە چوارچێوەی دەقێکی ئەدەبیدا خۆی بەرجەستە دەکات. بۆ نموونە شیعری (بیستو حەوت ساڵە من رەنجبەری تۆم)ی (بێکەس) واقیعێکی سیاسیی مێژوویی رەخنەیی لە چوارچێوەیەکی ریالیزمی سۆسیالیستی تێدا دەسەنگرێتەوە، کە دواتر ئەم شێوازە لە شیعری شاعیرانی تری وەك (ع. ح. ب، هەردی، دڵزار، دیلان، کامەران.....) دەبینرێن. بۆیە دەبێ پێ لەسەر ئەوە دابگرین، مەرج نییە ریالیزمی سۆسیالیستی لای کورد بە هەمان شێوەی ریالیزمی سۆسیالیستی سۆڤیەتو ئەوروپاییەکان بێ، چونکە (هونەری ریالیزمی سۆسیالیست دەشێ لای هەر گەلێك شێوەیەکی تایبەتی وەرگرێ، ئەو "تایبەتی بوونەش" تەنیا لەبەر جیاوازییەکانی زمان نییە، بەڵکو کەسێتی نەتەوەیی تایبەتی ئەو گەلەو جیاوازییەکانی ژیانی رۆژانەو میراتی زانیاری نەتەوەییو تەنانەت دیمەنە سروشتیەکانی وڵاتەکەشی لە دروست کردنی ئەو "تایبەتی بوونە" دا دەور دەبینن) [11] لەبەرئەوە نەك هەر تەنیا جیاوازی لە نێوان ریالیزمی رۆژهەڵاتو ریالیزمی رۆژئاوادا هەیە، کە (ریالیزمی سۆسیالیستی زۆر لە ریالیزمی رۆژئاوا گەشبینترە) [12] لەنێو کوردیشدا شاعیر بۆ شاعیر یان دەق بۆ دەق جیاوازی هەیە، بە پێی بارودۆخی نووسەرو کۆمەڵگاو مێژووو لایەنی دەروونی....هتد، دەقی جیاواز لە ریالیزم بەرهەم دەهێنێ، بە واتایەکی تر کامێرای دەستی ئەدیبێك بۆ ئەدیبێکی تر لە تۆمارکردنو وێنەگرتنی واقیعەکان جیاوازییان هەیە.

ئەم سەرەتایە بۆ ئەوەیە ئاماژە بەوە بدەین، مەسەلەی رێبازە ئەدەبییەکان بۆتە ئیشکالییەتێك لەبەردەم خوێندنەوە بۆ شیعرەکانی گۆران، چونکە هەموو ئەوانەی لە شیعری گۆرانیان کۆڵیوەتەوە, زۆربەیان بە گوێرەی هەندێك دێرە شیعری گۆران حوکمی یەکێك لە رێبازەکانیان بەسەردا سەپاندووە، بەتایبەتی کارەکە بەوە ئاسانتر بووە, کە خودی گۆران:

أ/ زمانی ئینگلیزی و زمانی تری بێگانەی زانیوە (زانینی کۆمەڵێ زمانی بیانی بۆ گۆران دەلیڤەیەکی زێڕین بوو بۆ دەوڵەمەندکردنی کولتوور و شارەزایی خۆی لەبواری شیعری جیهانیدا. دیارە جگە لە زمانی کوردی کە

[11] چەند وتارێك دەربارەی ئەدەبو رەخنەی کوردی، کەمال مەعمەند، چاپخانەی الحوادث، بغداد ١٩٨١، لا ١٤

[12] المعجم المفصل فى الادب، د. محمد التونجى، ج٢، دار الكتب العلميه/ بيروت، ١٩٩٩، ص ٨٧٨

زمانی دایکی بووە, لە زمانەکانی فارسی، عەرەبی، تورکی، ئینگلیزی و رووسیشدا* سوارچاك بووە... جگە لە شیعری کلاسیکی وەرگێڕانەکانی شایەتی لەم راستییە دەدەن). [١٣]

ب/ بۆ ماوەیەك لە دەرەوە بووە.

ج/ ئەدەبی رۆژئاوای خوێندۆتەوەو کاریگەری شاعیرانی غەیرە کوردی بەسەرەوەیە, بەتایبەت رۆژئاواییەکان و لەوێوە ئاشنای رێبازە ئەدەبیەکان بووە.

ئەگەر لێرەدا قوتابخانەو رێبازە ئەدەبییەکان بە نموونە وەربگرین و یەك یەك چنینیان لەگەڵ شیعری گۆراندا روون بکەینەوە, دەبینین هەڵوێستی جیاواز لەناو رەخنەگرو لێکۆڵەرەکان دەبینرێ، بەم جۆرە:

**یەکەم: کلاسیك**

بەدەر لە هەموو پێناسەیەك بۆ کلاسیك, وا خراوە تروو کە گۆران قالبی شیعری کلاسیکی تێك شکاندووە, جا بە کێش بێت، یان سەروا، یان ناوەڕۆك و وشەی شیعری، کەمیشیان باس لەوە دەکەن کە گۆران پەیڕەوی سیستەمی عەرووزی کردبێت، بەڵام ئەگەر سەیری دیوانەکەی بکەین، ئەوا لە کۆی هەموو شیعرەکانی ٤٢ شیعری پەیڕەوی عەرووزی کردووەو کێشەکانی:

- (هەزەج بە حەوت جۆریەوە لە هەژدە شیعردا بەکارهێناوە.
- موجتەس بە سێ جۆرییەوە لە هەشت شیعردا بەکارهێناوە.
- موزاریع بە یەك جۆرییەوە لە شەش شیعردا بەکارهێناوە.
- رەمەل بە دوو جۆریەوە لە دوو شیعردا بەکارهێناوە,
- خەفیف بە سێ جۆرییەوە لە سێ شیعردا بەکارهێناوە.
- موتەقاریب بە دوو جۆرییەوە لە سێ شیعردا بەکارهێناوە.
- رەجەز بە یەك جۆرییەوە لە شیعرێکدا بەکاری هێناوە. ) [١٤]

کەواتە ئەگەر عەرووز بنەمایەکی مەزنی کلاسیکیی کوردی بێت، ئەوا ناکرێت شیعرەکانی گۆران بەگشتی و ٤٢ شیعرەکەی بەتایبەتی، لە نوێنەرایەتی کردنی کلاسیك دابڕین، کە ئەمەش کێشە بۆ بەبەردابڕینی ناسنامەی رێبازە ئەدەبییەکان لەلای گۆرانەوە دروست دەکات، بەتایبەتی لەو حاڵەتەی کە دەقێکی شیعری لەسەر سیستەمی کێشی عەرووزی بەلای رەخنەگرێکەوە دەخرێتە ناو چوارچێوەی رۆمانتیکەوە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کۆت و بەندکردنی دەقەکان تەنیا لە چوارچێوەی یەك تیۆرو سیستەم و رێبازەوە، ناسنامەی شیعرەکە

* ئێمە پێمان وا نییە گۆران-ی شاعیر زمانی رووسی زانیبێ، بەڵکو تەنیا شارەزای لە پێنج زماندا هەبووە، وەك د.عیززەددین مستەفاش دەڵێ: (سوودی تەواوی لە پێنج زمان وەرگرت و دەتوانین بڵێین تواناو بەخششی ئەوانی خستە خزمەتی زمان و ئەدەبیاتی کوردی یەوەو تەواوو خولقێنەرانە بەکاری هێنان. پێوەندی ئەو لەگەڵ زمانەکانی تردا، زۆر ئاسایی و ئیبداعی بوو، ناچاری تاقە زمانێکی بەسەردا دانەسەپاندبوو. لەبەرئەوە پێوەندیی ئەفراندن و وەك یەکی لەگەڵ حافزو خەیام و عیشقی و ئەبوتورابی جەلی و ناسر خەسرەوو نامیق کەمال و تۆفق فکرەت و جەلال نوری و نازم حیکمەت و شیللی و کیتس و لەم دواییەدا رەسافی و جەواهیریشدا هەبوو) . (ئەدەبیاتی نوێی کوردی، دوکتور عیزەدین مستەفا رەسول، چاپخانەی فێرکردنی باڵا، بەغدا، ١٩٩٠، لا١٢٣-١٢٤)

[١٣] نیمایوشیج و عەبدوللا گۆران (نوێکردنەوەو دابڕان) ئامر طاهر، سپیریز،٢٠٠٦، لا ٨٧-٨٨ هەروەها بڕوانە (مێژووی وێژەی کوردی، صدیق بۆرەکەیی (صەفی زادە)، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، انتشارات ناجی، بانە، ١٣٧٥، لا٦٩٨)

[١٤] بۆ زانیاری لەبارەی ئەم ئامارەوە، سوود لە رابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، عەزیز گەردی لا ٥٥٣ وەرگیراوە.

دەخاتە بارێکی ئاڵۆزەوە. بۆ نموونە شیعری (شەهید)ی گۆران کە بۆ (هەڵۆ بەگ)ی نووسیوە، (د.عیزەدین مستەفا رەسول) خستویەتییە بەشی (پلەی رۆمانتیکی) ی گۆران، کە لە راستیدا چ لەبەر موناسەباتەکەی بۆ بردنە ناو ریالیزمەوە، چ لەبەر رووخساری سەرواو کێش و سیستەمە عەرووزییەکەی بۆ بە کلاسیك دانان، دەبێ خەملاندنەکەی لە دەقی تر جودا بێت:

**خواکەی بولبولی باغی سەرا!.. هەرچەندە پاییزە**

**بە خوێنی خۆم گوڵت بۆ ئاو ئەدەم، سا بۆم بلاوێنە**

**تا دەگاتە:**

**بڵێ بەو بووکی تازەی یەك شەوەم گەر هاتە سەر نەعشم**

**نەڵێ خۆی بۆ وەتەن کوشت و لە رێی عەشقی منا نەژیا**[15]

هەمان ئەم شیعرەی سەرەوە، لای (فەرهاد پیربال) بە ریالیزم دادەنرێ، لە ژێر رۆشنایی بیروڕایەکی گۆران لەبارەی هەڵبەستی نوێ دا، پیربال پێی وایە: (شاعیری نوێ، بە پێچەوانەی کلاسیك، لەکاتی باسکردنی خۆشەویستی و عەشقدا، بینینێکی ریالیستی و ئەمڕۆیی هەیە. عەشق وەك کێشەیەکی ئەبستراکت تەماشا ناکا بەڵکو وەك کێشەیەکی مرۆڤایەتی پەلوپۆ شارستانییەکانی دەخوێنێتەوەو لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی و واقیعیدا دەریدەبڕێ، تەنانەت —وەك لای گۆران دەبینین- گرێی دەداتەوە بە ئازادیی تاکەکەس و ئازادیی هەموو کۆمەڵ)[16]. پاشان نمونەی شیعرەکەی سەرەوە دەهێنێتەوە. لەلایەکی تر (ئیحسان سابیر خەیات) لە ژێر ناوی (سازانی رۆمانسیەت و ریالیزم) ئەم شیعرەی گۆرانی بە نموونە هێناوەتەوەو دەیخاتە چوارچێوەیەك کە لە یەك کاتدا رۆمانتیك و ریالیزمە، بە شێوەیەك پێی وایە: (لەنێو شیعری گۆراندا ریالیزم و رۆمانس بە یەکەوە بە روونی دیارن، ئەو ریالیزمەی پێکهاتووە لە واقیعی ژیان و سروشت تێکەڵ بە خەیاڵی رۆمانتیکی، ئەو جۆرە خەیاڵە تێکەڵ بە واقیع شتێکی نوێ بوو لە شیعری گۆراندا... کت و مت ئەوەیە نموونەی راستەقینەی سازان (compatibilituy))[17]، کە مەبەستی سازانە لەنێوان هەردوو رێبازدا.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، ئیشکالییەتەکە لەنێوان هەرسێ توێژەر بۆ بەبەردابڕینی ناسنامەی رۆمانتیك و ریالیزمە، بەڵام پێمان وایە ئیشکالییەتەکە لە چۆنیەتی ناساندنی عیشق و پایەکانیەتی بۆ کارلێککردنی لەگەڵ هەردوو رێبازەکە، بێ ئەوەی رەچاوی پلەبەندی رێبازەکەو چۆنیەتی چنینی وشەکان و ستراتیژییەتی تەواوی دەقەکە بکرێ.

## دووەم: رۆمانتیك

رۆمانتیك یان رۆمانسیزم بە دووەم رێباز دادەنرێت، کە لە دوای کلاسیکەوە هاتۆتە ناو شیعری کوردییەوە, هەر لە زووەوە لەناو رەخنەی کوردیدا ئەوە روون کرایەوە, کە دەشێ رێبازەکان بەناو یەکدابچن, وەك ئەو وتارەی (د. عیزەدین مستەفا رەسول) کە وەك پرۆژەیەك بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی ئەوەی خستۆتە روو

---

[15] بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی رایەکەی د.عیززەدین، بڕوانە ئەدەبی نوێی کوردی، دوکتور عیزەدین مستەفا رەسول، بەغدا ١٩٩٠، لا١٣٢.

[16] شیعری نوێی کوردی (رەگ و ریشەکان ١٨٩٨-١٩٥٨)، فەرهاد پیربال، چاپ و بلاوکردنەوەی دەزگای کوردستان، هەولێر ٢٠٠٥، لا١٣٠.

[17] نۆبەرەی من لە خەرمانی وەرگێڕان و ئەدەبەوە (رەخنە، لێکۆڵینەوە، وەرگێڕان)، ئیحسان سابیر خەیات، چاپخانەی رۆشنبیری هەولێر٢٠١٢، لا٨٤.

کە رەگەزی رۆمانتیکی، یان ریالیزمی لە رێبازی کلاسیکدا دەشێ هەبێت و نمونەی شیعرەکانی باباتاهیری هێناوەتەوە.[١٨]

لێرەدا گرفتی هەرە گەورەی رەخنەی کوردی لەوەدایە، رۆمانتیك وەك رێباز و بەرهەمی شیعری شاعیرانمان، کە رەگەزی رۆمانسیزمیان تێدایەو بێ ئەوەی شاعیرەکان هیچ سەرچاوەیەکیشیان لەو بارەوە خوێندبیتەوە، تێکەڵ دەکرێن، ئەگەر نا نە باباتاهیری هەمەدانی و نە نالی-یش شارەزایان لەو رێبازانە نەبووە, بگرە سەردەمی باباتاهیر لە رۆژئاوایش رۆمانتیك وەك رێباز دەرنەکەوتبوو. بۆیە ناکرێت هیچ شیعرێکی کوردی لە سەرەتاوە تا سەردەمی گۆرانیش لە بنەماکانی رۆمانتیك خاڵی بێت جا بە ئاگاییەوە بێت، یان بە نائاگایی, هەروەك ئەم مەسەلەیە بۆ (مەولەوی)یش گەنگەشەی لە نێوان رۆمانسیزم و کلاسیزم دا دروست کردووە.

بەهۆی ئەم بیروڕایانەوە (گۆران)یش سەردەمێك دەچێتە ناو چوارچێوەی رۆمانسیزمەوە، چونکە بە گوێرەی ئەو سەپاندنی رێبازانەوە مادەم کلاسیکی وەلاوەنا, دەبێ بە پەیژەی رۆمانسیزمەوە بێتە ناو ریالیزم و دەشێ چ لەناو کلاسیکییەکەداو چ لەناو ریالیزم و پەرناسیزم و سوریالیزم دا رۆمانسیزم هەر بەدی بکرێت, ئەمەش ئەستەمە بتوانرێ بە تەنیا یەك رێبازی وەك رۆمانسیزم لە هەندێك لە شیعرەکانیدا بەرجەستە بکرێت. ئەگەرچی ئەمەش گرفت دەخاتەوە بەوەی کەسێکی وەك (د.مارف خەزنەدار) شێخ نوری و گۆران و هەردی بە دیارترین شاعیرانی رۆمانتیکی دادەنێت بەوەی کە کەوتوونەتە بن کارتێکردنی ناوەڕۆکی پێشکەوتنخوازانەی ئەدەبی تورکی[١٩], چونکە هیچیان هێڵی جیاکەرەوە دانانێن و بڵێن هەتا ئێرە شیعرەکانی گۆران کلاسیکن و هەتا ئێرەش رۆمانتیك و ئینجا ئەوانی تر ریالیزمن یان رێبازی تر، هەموویان بەگشتی لێی دەڕوانن و (فەرهاد پیربال)یش لە کتێبی (رێبازە ئەدەبییەکان)دا بە گشتی دەڵێ: (گۆران لە ئەنجامی روانینە مۆدێرنەکەی چەند رێبازێکی نوێی ئەدەبی دەگەڵ بەرهەمەکانی و دەنێو بەرهەمەکانیدا پەیدا دەبن: رێبازی پەرناس، رێبازی رۆمانسیزم، رێبازی ریالیزم، ریالیزمی سرووشتی و رەخنەگرانەو سۆشیالیستی و شۆڕشگێری).[٢٠]

بێگومان پلەبەندی رێبازەکان و چۆنیەتی دۆزینەوەی لەناو شیعرەکانی گۆران گرفتی لەلای رەخنەگرو لێکۆڵەران دروست کردووە، بەتایبەتی لەنێو هەموویاندا رۆمانسیزم بە پلەیەکی زۆر وێنەکەی دەشێوێندرێ، بۆ وێنە (رەفیق حلمی) بە هیچ شێوەیەك باس لە بوونی رێبازی رۆمانیتك لە شیعرەکانی گۆران ناکات، بەڵکو دوای ئەوەی بە سەرسامی و شانازییەوە گۆران بە وێرانکەری شیعری کلاسیك و رابەری ئەم ئینقیلابە دادنێت، حوکمێکی گشتیشی بەسەردا دەدا بەوەی ((گۆران، شاعرێکی (فەننان) و (واقیعی یە-Realiste): بێ ئەوەی باکمان ببی لە رەغنەیی یاخو لە واتاکەی خۆمان بە گومان بین، ئەڵێین (گۆران)، بەڕاستی بویژێکی واقیعی و فەننانە))[٢١]. ئەم رایەی رەفیق حیلمی کە دواتر (د. عیززەدین مستەفا) زۆر پێیەوە کاریگەر دەبێ و قسەکانی هەمیشە وەك پاڵپشتییەك دێنێتەوە، بەڵام لە دەستنیشانکردنی رێبازی رۆمانتیك بۆ شیعرێك لە شیعرەکانی گۆران ناتوانن کت و مت بڕیارەکەی بەسەردا بدەن، بەڵکو روانینەکەیان پێچەوانە دەبێت. بۆ نموونە لە شیعری:

[١٨] بڕوانە: رەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، پەرێز سابیر، ئاراس، ٢٠٠٦ لا ٨٢

[١٩] سەرچاوەی پێشوو، لا٨٤

[٢٠] رێبازە ئەدەبییەکان، فەرهاد پیربال، ئاراس، هەولێر ٢٠٠٤، لا ١١٠

[٢١] شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، رەفیق حلمی، چاپخانەی (التعلیم العالی) هەولێر، ١٩٨٨، لا١٧٢

**سیاچەمانە... سیاچەمانە**

**بەهەشتی عەشقە ئەم هەورامانە**

**ئەوەندەی دارو بەردی هەورامان**

**رەحمەت لە ژنی بەژن و بالاّ جوان**

**سیاچەمانە.. سیاچەمانە..**

**هەورامان جێگای سیاچەمانە!**

رەفیق حیلمی گەشتی هەورامانەکەی گۆران و ئەمەی لە چوارچێوەی ریالیزمدا دەبینێتەوەو بە هیچ کلۆجێك رووەو رۆمانتیکی نابا، هەرچی (د. عیزەدین مستەفا)یە، ئەم شیعرەی لە (پلەی رۆمانتیکی) داناوە، بەلاّم نەیتوانیوە وەك رۆمانتیکییە رۆژئاواییەکە مامەڵەی لەگەڵدا بکات و بەڵکو کارێکی باشی کردووە، بەوەی ئەگەرچی راست و رەوان لەنێوان رۆمانتیك و ریالیزمدا یەکلانەبۆتەوە بەلاّم دەڵێ: (گۆران بەناو ئەم چەشنە دیاردانەی رۆمانتیکێتیدا کە دیمەنی هەردوو چەشنە مێژوویی یەکەی رۆمانتیکێتیی تێدایەو دەتوانین بە رۆمانتیکی کوردیی ناو ببەین) [22]. (عەباس محەمەد قادر)یش لە ماستەرنامە چاپکراوەکەیدا خۆی یەکلادەکاتەوەو شیعری گەشتی هەورامانەکەی گۆران دەخاتە ناو چوارچێوەی رێبازی ریالیزمی فۆتۆگرافی[23]. کەواتە دەستنیشانکردنەکە وێڕای بیرورای جیاوازی رەخنەگران، جۆرێك ئیشکالییەتیش دەسازێنێ.

## سێیەم: ریالیزم

وەك پێشتر لەبارەی جۆرەکانی ریالیزم لەناو رەخنەی کوردیدا، بە کورتی دواین، بەلاّم ئەوەی سەبارەت بە گۆرانە، زۆربەی رەخنەگران و توێژەران، گۆران بە سەرقافڵەی ریالیزم دادەنێن و لە چوارچێوەی دەربڕینی (گۆران هۆنەرێکی هونەرمەندو ریئالیستە کە بەرهەمی هۆنراوەکانی لە ژیانی کۆمەلاّیەتی کوردەواری یەوە وەرگرتووە، وە کردوویە بە توێشووی هۆنەرانی تر) [24] دەسەنگرێنەوە. لەناو شیعری کوردیشدا بە بەڵگەی وتەکەی گۆران، کە گوتبووی: (مـن بە تەئسیری ئەم دوو ئەدەبەوە- ئینگلیزی و عەرەبی- کەوتمە هەوای واقیعییەتەوە) [25]. ئەوا بە سەرنجدانمان لە شیعرەکان، دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە هەموو ئەو شیعرانەی بۆ جوانی ئافرەت و بۆ جوانی سرووشت نووسراون، دوورن لە ریالیزمەوە, بەڵکو دەچنە چوارچێوەی رۆمانسیزم. بیانووەکەیش بەوە لێك دەدرێتەوە، کە گۆران هەڵگری بیرورایەکی چەپ بووەو شیعرەکانی (رێگای لینین) و (مۆسکۆی جوان) و چەند شیعری تر گەواهی ئەوە دەدەن، کە ریالیزمی پەیڕەو کردووەو جا مشت و مڕ لەسەر ئەوەیە کام جۆری ریالیزمە؟ شۆڕشگێری یان سۆشیالیستی، سرووشتی، رەخنەگرانە... تد. بەلاّم ئەگەر بە گوێرەی ریزبوونی رێبازەکان بێت, ئەوا شیعری رێگای لینین-ی لە ١٩٥٩ لە مۆسکۆ نووسیوەو بە شیعری کۆتایی ژیانی حسێب دەکرێ و سێ ساڵ پێش مردنی نووسراوە، ئەگەر ئەمە کت و مت ریالیزم بێت, ئەوا دەبوایە دوای

[22] ئەدەبیاتی نوێی کوردی، دوکتور عیزەدین مستەفا رەسوول، بەغدا ١٩٩٠، لا١٣٠

[23] بڕوانە: ریالیزم لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ١٩٤٦-١٩٧٠، عەباس محەمەد قادر، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠١٠، لا١٢٤

[24] مێژووی وێژەی کوردی، صدیق بۆرەکەیی (صەفی زادە)، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، انتشارات ناجی، بانە، ١٣٧٥، لا٧٠٠

[25] دانیشتنێك لەگەڵ گۆران دا، عبدالرزاق بیمار، گۆڤاری بەیان، ژمارە ٢، بەغدا، ١٩٧٠، لا٣٠

ریالیزم پەرناس هاتبا، کەچی ئەو شیعرانەی بە پەرناسیان دادەنێن شیعری دوو دەیەی سی و چلەکانن, کەواتە لەمەشدا (گۆران) بە پێوەری گۆڕانی ڕێبازەکان پەیژە بە پەیژە گۆڕانی بەسەر شیعرەکاندا نەهێناوە.

تێکچڕژانی ڕۆمانسیزم و ریالیزم لەناو شیعری گۆراندا، جۆرێکی تازەیە کە ڕەخنە بە خۆیەوە سەرقاڵ دەکات و دواتر لە کردەی ڕەخنەدا خۆی لەناو ئیشکالییەتێکی تایبەتدا دەبینێتەوە، بەوەی سرووشتی شیعری گۆران و گواستنەوەی لە ڕێبازێکەوە بۆ ڕێبازێکی تر، لێکۆڵەرانی بەرەو ئەو ئاقارە بردووە، کە جاری وا هەیە نەتوانن بڕیارێکی ببڕای ببڕ لەسەر شیعرەکە بدەن ئاخۆ ریالیزمە یان ڕۆمانسیزم! ئەمە وریامان دەکاتەوە بەوەی هەندێ جار هێنانی ڕێباز بۆ ناو دەقی شیعری ڕەخنە دەخاتە ئیشکالییەتێکەوە، بەتایبەتی لەوەدا کە پۆلبەندکردنی دەق بۆ ڕێبازەکان لە هەندێ قۆناغی شیعری کوردیدا بە تەواوی ناچێتە ژێر باری ڕێبازەکەوە، ئەم نەچوونە ژێر بارەش جۆرێك لە بەبەردابڕینی لێ دەفامرێتەوە. بۆ نموونە لە شیعری (بە ڕەنگ ی زەردو شێوەی دەست و شمشاڵی کزا دەروێش)ی گۆراندا، (د. مارف خەزنەدار) لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا دەنووسێ: (لەم شیعرە ریالیزمییە تازەیەی قانگ دراو بە ڕۆمانتیزم گۆران گەیشتۆتە لووتکەی داهێنان. سەنگی تای لایێکی تەرازووەکەی هونەری مۆسیقایە، لایەکەی دیکەی دواکەوتوویی میللەتی کوردە) [٢٦]، داهێنانەکەیشی لە تێکەڵکردنی باسی رووخساری مۆسیقا وەك ڕۆمانسیزم و باسی دواکەوتوویی گەلی کورد وەك بابەتێکی ریالیزم دەبینێتەوە، کە لە ئەنجامدا یەکلایی نابێتەوە کە کت و مت دەچێتە قالبی چ ڕێبازێکەوە، بۆیە بە ریالیزمێکی ئاودراو بە ڕۆمانتیزم دایدەنێ، کە ئەگەر ئەمە بشێ بۆ چوارچێوەی ڕەخنە، ئەوا لە هەموو ئەم قۆناغە هەڵبەزو دابەزانەی شیعری کوردی و گواستنەوەی ڕێبازەکان، دەیان شیعری چەندین شاعیر ئەم ئیشکالییەتەیان لێ روودەدات.

## چوارەم: پەرناسیزم

(د.فازڵ مەجید) لە ماستەرنامەکەیدا بەناوی (سرووشت لە شیعری گۆران دا) [٢٧] سرووشتی ناو شیعرەکانی گۆرانی بەرەو ئاقاری ڕۆمانتیك بردوەتەوەو لە ریالیزم و ڕێبازەکانی تری دوورخستۆتەوە، بەڵام ئیشکالییەتەکە ئەوەیە ئەو شیعرانەی ئەو بە شیعری ڕۆمانتیك و بناغەی سەرەکی ڕۆمانتیکی داناون, کە سرووشت و جوانی سرووشتە, (فەرهاد پیربال) یش لە کتێبی (شیعری نوێی کوردی) دا ئەم شیعرانە دەخاتە ناو چوارچێوەی پەرناسیزم، وەك شیعری:

**گیانی من بۆ تەڵێ وەنەوشە پەرۆشە**
**کە لە ژێر سێبەری تووتڕکا خامۆشە**
**یان**
**مانگی بەجێماو لە سەفەری شەو**
**زەردە لە ترسی قاسپە قاسپی کەو**

---

[٢٦] مێژووی ئەدەبی کوردی، دوکتۆر مارف خەزنەدار، بەرگی شەشەم، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦، لا٦٠٠

[٢٧] بڕوانە: سرووشت لە شیعری گۆران دا، د.فازل مەجید، سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٧ لا٦٠و ٦٣و٦٥

تەنانەت (پیربال) پێی وایە: (عەبدوڵلا گۆران کە لە ژێر کاریگەریێتی پرەنسیپەکانی پەرناسدا بووە، هەمان بینینی پەرناسەکانی لە شیعرەکانی خۆیدا دەربڕیوە... بەلای گۆرانەوە وەك پەرناسەکانیش پێیان وابوو: دەریایەکی بێ سنوور، بام بۆ ماسییەکانی و زێڕەکانی و سامانە سرووشتییەکانی- بۆ ئەوەی بکرێتە بەندەر- چەند بەسوودیش بێت، بەڵام هەمیشە "کانییەکی روون" شاعیرانەترو جوانترە. ئەم پرەنسیپە پەرناسییە بە تەواوەتی لەلای گۆران رەنگی داوەتەوەو زۆر وردبینانە بەکارهاتووە... عەبدوڵلا گۆران، دژی هونەری بەسوود بووە، دژی جوانیی بەسوود بووە، تەنانەت گەلێك جاران گۆران کۆپلەشیعرێکی پەرناسەکانی، دەقاودەق راگواستۆتەوە بۆ ناو شیعرێکی خۆی. بۆ نموونە لەم کۆپلەیەی گۆران وردبەرەوە:

**کانییەکی روونی بەر تریفەی مانگە شەو**

**لە بنیا بلەرزێ مرواریی زیخ و چەو**

**لەلای من جوانترە لە دەریای بێ سنوور**

**شەپۆلی باتە بەر تیشکی خۆر شڵپ و هوور..)** [28]

لێرەدا ئەم نموونانە شیعرییانەی سەرەوە لای (د. فازڵ مەجید) بناغەی رۆمانتیکن و لای (فەرهاد پیربال)یش لوتکەی پەرناسیزمن, ئەمە ئیشکالییەت دەخاتەوە لە چۆنیەتی هەڵس و کەوت کردنمان لەگەڵ خودی دەقەکانی گۆران و گونجانیان لەگەڵ رێبازە ئەدەبییەکاندا.

## ئە نجام

لەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- ئیشکالییەت لەناو رەخنەی کوردیدا زۆر کەم قسەی لەسەر کراوەو دەشێ ئەو خوێندنەوانەی بۆ شیعرەکانی گۆران کراون, لەبەر هەڵکەوتەی سەردەمەکەو سرووشتی بیروڕاو شیعرەکانی، زۆرترین جیاوازی و ناکۆکی لەخۆوە بگرێت، بەمەش تێگەیشتنی رەخنەییانە تووشی ئیشکال و گرفت دەبێتەوە.

٢- مەرج نییە هەموو دەقێکی شیعری گۆران بە قالبی رێبازە ئەدەبییەکانەوە نوسرابن, بەڵکو دەشێ لە هەندێ لە دەقەکان حسێب بۆ رێبازێکی ئەدەبی دیاریکراو نەکرابێت و خودی گۆرانیش ئەم ڕاستییەی لە کۆتاییەکانی ژیانی هەست پێکردووە.

٣- ناکرێ تەنیا ئەو شیعرانەی کە بە ناعەرووزی نووسراون, ئەوان ببنە پێشەنگی نوێخوازانە, چونکە شیعرە عەرووزییەکانیش بە شێوازێکی وا نووسراون، کە جیاوازن لە شیعری شاعیرانی پێش گۆران.

٤- هەندێ لە شیعرەکانی گۆران بە چەند لایەنێك خراونەتە قالبی رێبازە ئەدەبییەکان, لەلایەك لە بەرژەوەندی رۆمانتیك بەرجەستەکراون و لەلایەك بە پەرناسیزم, ئەمەش گرفتی خستۆتە بەردەم پێگەو ناسنامەی رێبازە ئەدەبییەکان لەناو کورددا.

٥- نالی و گۆران ئەگەر هەردووکیان بە نوێکەرەوەی شیعری کوردی دابنرێن, ئەوا ناکرێ هەریەکەیان ببنە تای تەرازوو و بەیەکەوە هاوسەنگ نابن, بەڵکو جۆرو هەنگاوەکانیان لێك دوورە.

[28] شیعری نوێی کوردی (رەگ و ریشەکان ١٨٩٨-١٩٥٨)، فەرهاد پیربال، چاپ و بلاوکردنەوەی دەزگای کوردستان، هەولێر ٢٠٠٥، لا٥٤-٥٥

٦- گۆران هەر تەنیا شاعیر نەبووە, بەڵکو تیۆردانەرو رەخنەگریش بووە, دیارترین وتارە رەخنەییەکانیشی لە کۆتاییەکانی ژیانی دابووە, کە ئەمە سەلمێنەری ئەوەن رامان و وردبونەوەی خۆی، سەرنجی تایبەتی بۆ دروست کردون و پەیڕەوکردنەکەی بە تەنیا چاولێکەری نەبووە, بەڵکو بەرنامە بۆ دارێژراو بووە.

٧- بە تەنیا چەند دێرە شیعرێك، نابێتە هۆی ئەوەی کت و مت پەیڕەوی رێبازێکی کردبێت, چونکە وەك چۆن بیری راگوزاری (توارد الخواطر) بۆ ئەدەبی بەراوردکاری مەرجێکە، بە هەمان شێوەیش دەشێ لەیەکچونی هەندی بیروڕاو خستنەڕووی هەندێ بابەت لە دەقی شیعریدا پەیوەندی بە رێبازەکەوە نەبێت, بەڵکو خاڵی هاوبەشیان هەبێت و ئەمە ببێتە مەرجی نووسینی شیعر نەك پەیڕەوکردنی ئیجبارییانە.

٨- نوێخوازی و نوێکردنەوە وەك زاراوەیەك لە گۆران نەسەندراوەتەوە، ئەمەش ئیشکالییەتی ئەوەی دروست کردووە، کە هەر چەشنە نوێخوازییەك دوای گۆران لە ئەدەبی کوردی کرابێت, هێشتا ناسنامەیەکی نوێخوازی وای بەبەردا نەبڕاوە، کە شایانی نوێخوازییەکەی گۆران بێت, ئەمەش گرفتێکی دیکەی رەخنەی کوردییە لە جوڵە پێ نەکردنی ناسنامە رەخنەییەکان.

٩- ئیشکالییەتی خوێندنەوەی رەخنەیی شیعری گۆران نەك هەر لە بۆچوونی جودای هێڵی جیاکەرەوەی رێبازەکاندا خۆی بینیوەتەوە، بەڵکو هەندێك جار نەتوانراوە کت و مت بخرێتە قالبی رێبازێکەوەو لە یەك کاتدا لای یەك توێژەر بە پەیڕەوی دوو رێباز خەملێندراوە.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: بە زمانی کوردی

#### أ- کتێب


- ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، پەرێز سابیر، ئاراس، ٢٠٠٦
- چەند وتارێك دەربارەی ئەدەبو رەخنەی کوردی، کەمال مەمەند، چاپخانەی الحوادپ، بغداد ١٩٨١
- دیوانی گۆران، عەبدوڵلا گۆران، بلاّوکراوەی پانیز، چ٣، تهران، ١٣٨٦
- دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتح عبدالکریم، چ٢، انتشارات کردستان، سنه، ١٣٨٣ هەتاوی
- رابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، عەزیز گەردی، سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣
- ریالیزم لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ١٩٤٦-١٩٧٠، عەباس محەمەد قادر، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠١٠
- رێبازە ئەدەبییەکان، فەرهاد پیربالّ، دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٤،
- زاراوەی سیاسی، فازڵ قەرەداغی، بێ ساڵی چاپ و شوێنی چاپ.
- زاراوەی نوێ یان فەرهەنگی نوێ، برهان قانع، چاپخانەی الحوادث، بغداد، چ١، ١٩٨٤
- سرووشت لە شیعری گۆران دا، د.فازل مەجید، سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٧
- شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، رەفیق حلمی، چاپخانەی (التعلیم العالی) هەولێر، ١٩٨٨
- شیعری نوێی کوردی (رەگ و ریشەکان ١٨٩٨-١٩٥٨)، فەرهاد پیربالّ، چاپ و بلاّوکردنەوەی دەزگای کوردستان، هەولێر ٢٠٠٥،

- قوتابخانە ئەدەبییەكان، رەزا سەید حسێنی، و: حەمە كەریم عارف، چ١، ٢٠٠٦
- گۆران، نوسین و پەخشان و وەرگێراوەكانی، ئومێد ئاشنا، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢
- مێژووی ئەدەبی كوردی، دوكتۆر مارف خەزنەدار، بەرگی شەشەم، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦
- مێژووی وێژەی كوردی، صدیق بۆرەكەیی (صەفی زادە)، بەرگی دووەم، چ١، انتشارات ناجی، بانە، ١٣٧٥
- نۆبەرەی من لە خەرمانی وەرگێڕان و ئەدەبەوە (رەخنە، لێكۆڵینەوە، وەرگێڕان)، ئیحسان سابیر خەیات، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر٢٠١٢.
- نیمایوشیج و عەبدوڵلا گۆران (نوێكردنەوەو دابڕان) ئامر طاهر، سپیریز،٢٠٠٦

## ب- گۆڤار

- دانیشتنێك لەگەڵ گۆران دا، عبدالرزاق بیمار، گۆڤاری بەیان، ژمارە ٢، بەغدا، ١٩٧٠

## دووەم: بە زمانی عەرەبی

### كتێب

-اشكالية المصطلح في الخطاب النقدى العربى الجديد، د.يوسف وغليسى، الدار العربية للعلوم وناشرون، الجزائر، ط١، ٢٠٠٨،
- في نظرية الادب وعلم النص، (بحوث وقراءات)، ابراهيم خليل، الدار العربية للعلوم ناشرون، منشورات الاختلاف، الجزائر، ط١، ٢٠١٠
- مدخل الى النقد الادبي الحديث، د. شلتاغ عبود شراد، دار مجدلاوى، الاردن، ط١، ١٩٩٨
- المعجم المفصل في الادب، د. محمد التونجى، ج٢، دار الكتب العلمية/ بيروت، ١٩٩٩

## پوختە

(ئیشکالییەتی خوێندنەوە رەخنەییەکانی شیعری گۆران) لێکۆڵینەوەیەکە، تێیدا هەوڵێکە بۆ خستنە رووی ئەو گرفتانەی تا ئێستا هاتوونەتە بەردەم رەخنەگران لە رامان و شرۆڤەیان بۆ دەقەکانی (گۆران)ی شاعیر، بەتایبەتیش لە چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ تیۆرە ئەدەبییە باوەکانی سەردەم و چۆنیەتی پراکتیککردنیان لەسەر شیعرەکانی گۆران جۆرێك ئیشکالییەت دەخاتەوە, بەتایبەتی تریش لە مەسەلەی تازەگەری و پێشڕەوبوونی گۆران، کە زۆر لە لێکۆڵەران کەوتونەتە رای جیاواز لەسەر سەنگرانەوەی گۆران لەناو چوارچێوەی رێبازەکاندا، کە ئەمڕۆ ئەمە بۆ کاری رەخنە گرنگە تیشکی بخرێتە سەرو لەو روانگەوە کارکردنی ئێمە لەسەر ئەو ئیشکالییەتەیەو گرفتەکانی بەردەم تێکەڵکردنی چەمکەکانە لەناو چوارچێوەی لێکۆڵینەوە بۆ سەر شیعری گۆران. باسەکە بە پەیڕەوکردنی رێبازی (رەخنەی رەخنە) و پایەندبوون بە هەردوو بنەمای شیکردنەوەو بەراورد بۆ بەرهەمە رەخنەییەکان، خۆی لە دوو تەوەر دەبینێتەوە، لە تەوەرەی یەکەمدا لەژێر ناوی (گۆران و رەخنەی کوردی- ئیشکالییەتی مەسەلەی نوێکردنەوەی شیعر) هەریەکە لە چەمکی ئیشکالییەت و گۆرن لەناو رەخنەی کوردیدا و گۆران و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر و پەیوەندی گۆران لە نێوان شاعیربوون و تیۆریست بوون یان رەخنەگربوون و هەروەها مەسەلەی بوون بە رابەری نوێخوازی لەنێون نالی و گۆراندا تیشکی خراوەتەسەر، هەرچی تەوەرەی دووەمە لە ژێر ناوی (ئیشکالییەتی رێبازەکانی ئەدەب) تێیدا چۆنیەتی کارلێککردنی رێبازەکان لەگەڵ شیعرەکانی گۆران بەلای رەخنەگرانەوە، شیکراوەتەوە. پاشان لە ئەنجامدا گرنگترین ئەو ئیشکالییەتانەی کە خوێندنەوەی رەخنەیی لەسەر شیعرەکانی گۆران تووشی دەبێت، تیشکیان خراوەتەسەر، کە هەموویان لە چوارچێوەی رەخنەی رەخنەدا رووبەرێکی زۆر داگیردەکەن.

## ملخص البحث

(إشكالية القراءات النقدية في أشعار كوران) هي محاولة لبيان المآزق التي جاءت في طريق عملية النقد لإشعار كوران، في التفكير في نصوصه وتحليلها، ولا سيما في كيفية التعامل مع النظريات النقدية المعاصرة، وتطبيقها على النصوص، وبالأخص مسألة التجديد والقدوة في بنية شعركوران، إذ إنَّ أغلبية النقاد وقعوا في مأزق وضع إطار للمناهج الأدبية، واختلفوا في ذلك، وإلقاء الضوء على هذا الأمر هام جدا في العملية النقدية، وقد شجعتنا هذه الأهمية للعمل في أشعاركوران، لأن أشعاره وقعت في إشكالية اختلاط المفاهيم النقدية ومناهجها.

ويحتوى البحث الذي يسير على منهجية (نقد النقد) على مبحثين، إذ تحدث المبحث الأول الذي هو بعنوان (كوران والنقد الكردي- إشكالية في مسألة تجديد الشعر) عن مفهوم الإشكالية، وگوران في النقد الكردى، وگوران ومسألة تجديد الشعر الكردي، ونالى و كوران بين الشاعرية والتنظير، وإشكالية التجدد عند كوران. أما المبحث الثاني الذي بعنوان: ( الإشكالية في المذاهب الأدبية)، فتحدث عن إشكالية المذاهب الأدبية في المنظور النقدي على أشعار گوران، ثمّ جاءت النتائج لإلقاء الضوء على الإشكاليات التي تأتي في طريق أشعار گوران في العملية النقدية في إطار منهجي التحليل والمقارن في (نقد النقد).

## ABSTRACT

The Critical Controversial Reading of Goran's Poems. It is the study which tries to show the problems yet have faced critics in their perception and analysis of Goran's scripts especially the way their treatment with contemporary well-known literary theories and their practice on Goran's poem which present some controversies and paradoxes on modernism and Goran's innovation.

Most of the researchers have different opinions about Goran' s living in the field of literary methods which is important nowadays to shed a light on it for critical works. In this prospect our work is about the controversy and the problem of incorporating the concepts in the field of the research on Goran's poem. The study is the application of the (Critic of Criticism) approach committed to both principles of analysis and comparison for critical works. It is divided into two sections; the first section is entitled (Goran and Kurdish Criticism-The Controversy of Modernizing Poem). It sheds light on the concept of controversy, Goran in Kurdish criticism, Goran and poetry modernizing, Goran's relation with being a poet, theorist, and critic, and being a pioneer of modernism between Goran and Nali. The second section is devoted to (The Controversy of Literary Approaches). It analyzes the interaction between the approaches and Goran's poems. Then it focuses on the most important controversies which critical readings on Goran's poems face and which all occupy wide topics through the critic of criticism approach.